# یاداشتنامەی کۆبونەوەی جەماوەری
# ڕۆژی 2005/12/21ی سلێمانی

ئێمە دانیشتوانی شاری سلێمانی بڕیاری حکومەتی ناوەندی سەبارەت بە زیادکردنی نرخی سوتەمەنی بۆ چەندبەرابەری خۆی، بەهەموو شێوەیەك ڕەتدەکەینەوە، وە پێمان وایە کە بەهیچ شێوەیەك نەلەئێستاداو نەلە داهاتووشدا بەقازانجی ماف و بەرژەوەندییەکانی خەڵك نابێت، وەبەپێچەوانەوە گرفت و کێشەی زۆر بۆ هاوڵاتیان دروست ئەکات و باری گرانی سەرشانی تاکەکانی کۆمەڵ چەندبەرابەرتر ئەکات ، هاوکات داواکارین ئیدارەی سلێمانی بەهیچ شێوەیەك پابەندی ئەم بڕیارەنەبێت و فەرزی نەکەن بەسەر هاوڵاتیانداو بەڕەسمی لەلایەن خۆیانەوە بەشێوەی یەکجاری ڕەتیبکەنەوە.